# پۆستی سەرکۆماری تالەبانی
# پەردەی داپۆشینی کارەساتیکی ئینسانییە لەعیراق!

محمــد غفــور
Mgafor@yahoo.com

بوونبەسەرکۆماری تالەبانی دیاردەیەکی کاتییە ونیشاندەر ورەنگدانەوەی هیزهاوسەنگییەکی کاتییە لەسەر ساحەی سیاسی عیراق. ناسیونالیزمی کورد بەپیچەوانەی رەوتە ئیسلامییەکان وناسیونالیزمی عەرەبەوە، بارودۆخی سیاسی وئایدیۆلۆژی حکومەتکردنی نییە بەسەر عیراقەوە ونەئیدیعای کردووە ونەشان وشەوکەتیشی هەلیدەگریٚ. بزووتنەوەی کوردایەتی بەگویرەی پیناسەکەی توانای یەکپارچەکردنی عیراقی نییە. بۆ ئەم مەبەستە ناسیونالیزمی کورد دەبیٚ ئیدیعابکات کەبەغدا وبەسرا "خاکی" "کوردەکانە". لەواقعدا ئەمە ئیدیعای ناسیونالیزمی عەرەبە کەهەولیر وسلیمانی بەهی خۆیان دەزانن. ناسیونالیزمی کورد بزووتنەوە وئایدیۆلۆژیایەك نییە بۆ حکومەتکردن بەسەر عیراقەوە. بەلکو بزووتنەوە وئایدیۆلۆژیای شەریکبوونە لەدەسەلاٚتدا و،والسلام! جلال تالەبانی لەعیراق نوینەری هیچ بزووتنەوەیەکی سەراسەری نییە ووەرگرتنی پۆستی سەرکۆماریشیان بەلگەی سەرکەوتنی ئەو نییە بەسەر بزووتنەوەیەکی سەراسەریدا،یانی بەنموونە بەسەر رەوتی ئیسلامییەکاندا. تالەبانی تەنانەت نوینەری ناسیونالیزمی کوردیش نییە، نوینەری ژمارەیەك کۆمەلی ووردە ناسیونالیستی ناو یەکیتی نیشتمانی کوردستانە کەئەویشی ئەم دواییانە بەهۆی راستبوونەوەی ژمارەیەك لەئەندامانی پلەدووەمی ناو حیزبەکەی خۆیەوە ریسواو بیٚئیعتیباربوو (نارەزایەتییەکانی نەوشیروان مستەفا وکۆسرەت رەسول و...). مەوقعییەتی سیاسی ومیژوویی بالەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی وای لیکردوون هەرجارە ناجاریك بەهۆی ناکۆکی وناتەبایی ودوژمنایەتی قوولی نیوان خۆیانەوە، لەبەرامبەر ودژی یەکتری لەگەلٚ دەولەتی مەرکەزی عیراقدا سازش وریکوتنیان دەکرد. تەنانەت ئەمرۆ لەکوردستان جورئەتناکەن تەرحی سەربەخۆیی کوردستان بەرزکەنەوە. ئەگەر ئەمریکا وجەنگی کەنداو نەبوایە ئیستا تالەبانی وبەرزانی لەعیراق نەدەبوون،یالە تاران یاخود لەجیگای دیکە دەژیان. ناسیونالیزمی کورد دەقی بەووەوگرتووە کەهەمیشە لەمابەینی درز وکەلینی دەولەتانی ناوچەکەدا خۆی بگریتەوە، کەئەمرۆ ئەمریکاشی بۆ ئیزافەبووە. ئەم کەلینانە ئەکرینەوە ودائەخرین شانبەشانی ئەمەش جیگاوریگای ناسیونالیزمی کورد هەلدەکشیٚ ودادەکشیٚ.جیگاوشوینی ئەمرۆیان کاتی وراگوزەرە. پایەی سەرکۆماری تالەبانی بەرەنجامی یەك هیزهاوسەنگی کاتییە. ئەگەر وەزعەکە هەر بەمشیوەیە بچیتەپیشەوە بەداخەوە کارەساتی ئەصلی هیشتا لەسەر ریگامانە.

هەروەکو پیشبینی دەکرا وئیمە هوشدارماندا بەخەلکی،ئەو هەلبژاردنەی کەلەژیر رەحمەتی تانك ولوولەتۆپەکانی ئەمریکادا بەریوەچوو بەسەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی تەواوبوو. بەرەسمی خوارووی عیراق

خرایە ژێردەستی ئیسلامیەکانەوە، وسیناریۆی هەلبژاردن پەنجەمۆری خەلکی بۆ وەرگرتن وبەرەسمی وەکو هێزی ئەصلی عیراق شەرعییەتیان پەیداکرد. ئەم رەوتە ئیسلامیانە ئەمرۆ ملیانداوە بەسازشێکی کاتی لەگەڵ ناسیونالیزمی کورددا چونکە هێشتا ئامادەیی تەواویان نییە بۆ سەراسەریکردنەوەی دەسەڵاتەکەیان. گرنگترین بەلگەی کاتیبوونی ئەم سازشە ئەمەیە، بەرلە هەر شتێ بارودۆخی ئیستای عیراق بەرەنجامی هێزهاوسەنگیی نیوان هێزە سیاسییەکانی عیراق نییە. بەلکو بەرەنجامی وجودی ئەمریکایە لەعیراق. ئەم وجودەی ئەمریکاش نەئەتوانێ هەمیشەیی بیت ونەهەلومەرجیش هەمیشەیی بوونی نیشان ئەدات. عیراق ناکرێ بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ووڵاتیکی داگیرکراو بمینیتەوە. لەئاکامدا درەنگ یا زوو کۆمەلگای عیراق لەریگای یەك دەورەی تیکەولیکەی دیکەوە بەئاراستەی بارودۆخیکی سەقامگیرتردا دەرواتە بەرەوە. ئیسلامی سیاسی جمهوریەکی ئیسلامی لەچەشنی ئیران لەهەگبەیدایە. ئەمانیش عەینی جمهوری ئیسلامی ئیران بەسەرکوتی خویناوی ئەتوانن دەسەلاتی خۆیان بەسەر تەواوی عیراقدا داسەپینن. ئەگەر ئەمرۆ دەست بۆ ئەو کارە نابەن لەبەر ئەوەیە کەهیشتا ئامادەیی پیویستیان پەیدانەکردووە. هەرکاتێ ئەو ئامادەییە بەدەست بینن، یانی ئەم هیزهاوسەنگییەی ئیستا بگۆرێ، رەوتە ئیسلامییەکان هیچ تەوافوق وریکەوتنیك بەرەسمی ناناسن. وەکو هەمیشە دەسەلات لەلوولەی تفەنگەوەیە. ئیسلامی سیاسی بەخیراییەکی سەرسورهینەر خۆی بۆ ئەم ئیمکانییەتە کۆدەکاتەوە.

فیدرالیزمی قەومی لەعیراقدا، یانی لەووڵاتیکدا کەبە "دەورونەخشی" ناسیونالیستە کورد وعەرەبەکان هەر "قەومیك" "خۆشبەختی" خۆی لەسەر بنەمای زیللەت ومالویرانی میللەتی بەرامبەری خۆی دادەنێ، دیاردەیەکی بێتوانایە. ئەوەی ئەمرۆ لەعیراق سایەی کردووە وحاکمە نەفرەتی مەزهەبی وقەومییە. نەفرەتیکی وا کەهیچکاتێ بەئەندازەی ئەمرۆ قووڵ، ورەش وخویناویی نەبووە. ناسیونالیزمی عەرەب ساڵانیکی دوورودرێژ کوردستانی لەخوین هەلکیشاوە، وەناسیونالیزمی کوردیش شەریکی مەینەتی وزەجر وکوشتنی شینەیی خەلکی عیراق بووە چلەریگای گەمارۆی ئابووری لەدەیەی رابردوودا وچبەهۆی داگیرکردنی عیراقەوە لەلایەن ئەمریکاوە. هەردوو ناسیونالیزم تەواوی خەلکی بێتاوانی"لایەنی بەرامبەر" بەمەسئول دادەنین.ئەمرۆ بەشیوەیەکی رەسمی لەهەندێ ناوچەی عیراق ئەگەر بزانرێ کوردیت دەتکوژن. بەپیچەوانەوە لەکوردستانیش هەروایە.بەمجۆرە لەسەر مەیدانی سیاسی-قەومی عیراق جلال تالەبانی نوینەری سەرکەوتنی کەس نییە.نوینەری هیزهاوسەنگییەکی کاتییە کەیاریچیانی ئەصلی کۆمەلگای عیراق بەخیرایی سەرقالی گۆرینی ئەم هیزهاوسەنگییەن،وە ئەم هیزهاوسەنگییە بەخیرایی ئەگۆرێ. بەخیرایی کەمبوونەوەی دەورونەخشی ئەمریکا وکۆتاییهاتنی عملی یاخود رەسمی داگیرکردنی عیراق هیزهاوسەنگی بەقازانجی ئیسلامییەکان وناسیونالیزمی عەرەب راست وچەپ پیکدادەدەن. ئەمجارە لەسەر بنەمای نەفرەتیکی قەومی ومەزهەبی کەلەعیراقدا بێوینەبووە، ئەوەی لەرواندا روویدا لەبەرامبەر ئەوەی کەئەتوانرێ لەعیراقدا رووبدات، یارییەکی منالانەدەبێ. خەلکی عیراق لەسەر بۆمبیك دانیشتوون. بۆمبی نەفرەت وقەلشتی قەومی ومەزهەبی. فتیلەی ئەم بۆمبە خەریکە بەخیرایی دەسووتێ،وە ئەم بۆمبە دیر یا زوو ئەتەقیتەوە

ولەگەلیشیدا خەلکیکی زۆر لەعیراق دەبنە قوربانی. بەرزکردنەوەی تەرح وخواستی سەربەخۆیی کوردستان یەکیکە لەو ریگایانەی بەر بەم ئاراستەیە وبەم تەقینەوەیە دەگریٚ. ناسیونالیستە عەرەب وکوردەکان ورەوتە ئیسلامییەکان ،لەپیناوی گەیشتن بەئامانجی حەقیرانەی خۆیاندا سەرگەرمی باوەشینکردنی ئەم ئاگرەن.

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق وکۆنگرەی ئازادی عیراق هەموو هەولٚ وتیٚکۆشانیان چرکردۆتەوە لەپیناوی گۆرینی بارودۆخدا بەباری بەرژەوەندی خەلکدا، لەپیناوی کۆتاییهینان بەداگیرکاری وبرینی دەستی ئەمریکا، رەوتە ئیسلامییەکان وناسیونالیستە عەرەبی وکوردییەکان بەسەر ژیان وگوزەرانی خەلکەوە لەعیراقدا. سەرتاپای هەولی ئیمە لەپیناوی بەهیزکردنی خەلك ودەسەلاٚتپەیداکردنیاندایە بەسەر موقەددەرات وژیانی خۆیانەوە،وەبۆ هینانەئارای دەسەلاٚتیکی عەزیمی خەلکی لەپیناوی تیکشکاندنی هەموو ئەم هیز ویاریچی وخولقینەرانەی مەینەتی ومالویرانی خەلکی عیراقدا. بەلاٚم کات بەخیرایی تیٚئەپەریٚ وهەلبژاردن لەکوللییەتی خۆیدا وهەلبژاردنی جلال تالەبانی بەسەرکۆماری عیراق پەردەی دووکەلیکە لەپیناوی ئەوەی کەخەلکی عیراق وخەلکی دنیا نەتوانن ئەو کارەساتە ئینسانییە خەتەرە ببینن کەلەحالەتی خولقاندایە.

2005-04-10